# KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە.

سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

# تاراوگە
TARAWGA

# تاراوگە
TARAWGA

**28 Nov. 2018 No. [22]**

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

**لە تاراوگە، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە**


دۆسیەی گۆڕی سەعیدی نورسی کوردی لە دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپایە... ل1

ڕۆمانی (مۆزەخانەی پاکیزەیی)، نوسینی ئۆرهان باموک،
وەرگێرانی لە تورکییەوە: بەکـر شـوانی، دەوەن مەعروف– ل 2

نوێترین و وردترین زانیاری: کەشتی InSight بە نەرمی لەسەر هەسارەی مەریخ نیشتەوە... لوقمان حەویز... ل3

تیشکێک بۆ سەر ڕەچەڵەکی قەرەج! ئەنوەر ئەڵمان.... ل 4

شێوەکار عومەر ڕەسوڵ: ل8




KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

28 November 2018
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 22
ساڵی یەکەم 28 نۆڤیمبەری 2018

# دۆسیەی گۆڕی سەعیدی نورسی کوردی لە دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپایە




بەکر شوانی: ئەڵمانیا

ئەگەر لە ڕوانگەی مرۆڤبوونمانەوە بۆ بابەتەکە بڕوانین، مکوڕبوون و پێداگرتنی تورکیا لەسەر دۆسیەی خاشوقچی و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەنووسی تەرمەکەی کارێکی ڕەوا و پێویستە، بەڵام دووفاقیی ئەنقەرە لەو بوارەدا مایەی پرسیار و تێڕامانە. لە مێژووی کۆماری تورکیادا سەدان نموونەی کوشتن و بێ سەروشوێنکردنی ناوداران و هاووڵاتییانی ئاسایی کورد هەیە. بۆ نموونە؛ زانای ئاینیی کورد سەعیدی نورسی کوردی ناسراو بە بەدیعولزەمان ٢٣ ئاداری ١٩٦٠ لە شاری ئورفا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی خلیل الرحمان بە خاک سپێردرا. ٤ مانگ دواتر و لە ١٢ی تەمووزی هەمان ساڵ بە فەرمانی حکوومەتی کودەتای سەربازی لە ئورفا قەدەغەکردنی هاتوچۆ و لە ماڵ هاتنەدەر ڕاگەیەندرا و تەرمی نورسی لە گۆڕ دەرهێندرا و بە فڕۆکە بۆ شوێنێکی نادیار گواسترایەوە. لەگەڵ هاتنە سەر کاری ئاکەپەدا گەلی کورد و پەیڕەوانی نورسی لە ناو گەلی تورکدا بە ئومێد بوون شوێنی گۆڕی نورسی ئاشکرا بکرێت، چونکە هەرچی نهێنیی ٥٠٠ ساڵی ڕابردووی دەوڵەتی عوسمانی و ٩٠ ساڵی کۆماری تورکیا هەیە، هەمووی لە ئەرشیڤی دەوڵەتدا پارێزراوە. بەڵام هەوڵەکان بێ ئاکام مانەوە تا ژووری پارێزەرانی ئورفا مانگی تەمووزی ٢٠١٧ لە یادی ٥٧ ساڵەی بێ سەروشوێنکردنیدا دۆسیەی گۆڕی نورسی–یان بۆ دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا بەرز کردەوە کە ئێستا کاری تێدا دەکرێت، بەڵام وادەی بڕیاردان لەسەری دیاری نەکراوە. بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.risalehaber.com/said-nursinin-kayip-mezari-aihmde-332227h.htm

## کوردی بوو بە زمانێکی فەرمی لە قوتابخانەکانی هەرێمی نۆردڕاین-ڤێستفالن لە ئەڵمانیا.




پیرۆزە زمانی کوردی بوو بە زمانێکی فەرمی لە قوتابخانەکانی هەرێمی نۆردڕاین–ڤێستفالن لە ئەڵمانیا.

دوای چاوەڕوانییەکی دوو ساڵە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمەکەمان بە ئەرێنی وەڵامی داخوازینامەی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە ئەورووپای دایەوە و بەو پێیە لە قۆناغی ناوەندییەوە، خوێندکار دەتوانێت کوردی وەک زمانی دووەمی بیانی هەڵبژێرێت.

نۆردڕاین–ڤێستفالن گەورەترین هەرێمی ئەڵمانیایە و ژمارەیەکی زۆر کوردی تێدا دەژی... بڕواننە ئەم لینکە:

https://anfdeutsch.com/aktuelles/kurdisch-als-wahlfach-an-schulen-in-nrw-7971?fbclid=IwAR3TuzqYEozXnrQNwKge84nJTLI9nKUtlD23ME42B1SQAQSQOgYVkSxmzwE

داواکارین لە تێکرای نوسەران و ڕۆشنبیران و گەنجان و خوێندەوارانی زمانزانی ئازیزی کورد لە تاراوگە، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەریمان، لە زمانە زیندووەکانی وەک ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەڕەنسی، هۆڵەندی، هتد.. بۆ وەربگێرنە سەر زمانی شیرینی کوردی، تا بڵاوکراوەکەمانی پێ دەوڵەمەند بکەین. هەروەها داوا لە قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ و پیشەوەرە کوردەکان دەکەین، هەواڵی سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانی خۆیانمان بۆ ڕەوانە بکەن، تا لە تاراوگەدا، بە سوپاسەوە بۆیان بڵاوبکەینەوە...



دەوەن مەعروف


رۆمانی (مۆزەخانەی پاکیزەیی).

هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی– ٢٠٠٦

نووسینی: ئۆرهان پامۆک.

وەرگێڕانی لە تورکییەوە: بەکر شوانی.

ئەڤینچاری؛ هەندێجار بەختەوەرییەکە مرۆڤ ناتوانێت، لە ئاستیدا لێوەکانی لێک بنێت و کرو بێدەنگ، بەدیاریەوە کزۆڵە بکات. زۆرجارانیش ئەڤینچاری دەبێتە دەردێکی دەروونی و مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت لێی جیابێتەوە. لەناو خودی ئەڤینچاریدا جۆرە خورپەیەک هەیە، کە مرۆڤ تووشی دڵە ڕاوکەو گومان دەکات، هەروەک چۆن ئەڤیچاری گەڕانە لەدووی بەختەوەرییدا بەهەمان جۆر نزیکمان دەکاتەوە لە کەنارەکانی مردن. چونکە مردن تەنیا هەڵکێشانی ڕۆحی مرۆڤ نییە، بەمانا تەقلیدییەکەی. بەڵکو مرۆڤ کائینێکە لەبەرامبەر مردندا ڕۆح دەبەخشێت. ڕۆحیش سەرچاوەی هەموو ئیرادەکانی مرۆڤە بەگشت ماناکانی ژیانەوە. بڕوام وایە تاکە هێزی مرۆڤ، ئیرادەیە کە دەتوانێ مرۆڤبوون لە شتە قێزەوونەکان بپارێزێت. مەبەستی من لە شتە قێزەوونەکان، زاڵبوونی مرۆڤە بەسەر ئەو هێزی کە گەرەکیەتی داگیری بکات و لەناویدا قەتیسی بکات. جوانییەکانی ژیان و ئیرادەی بەختەوەریی دوو هۆکاری (بێغەل و غەشن) مرۆڤ بەرەوو هێماکانی بیرکردنەوەی ئەبەدی دەبەن. حیکمەتیکار لەو ساتەوە دەست پێدەکات، کە مرۆڤ نزیک بێتەوە لە خودی ئیرادەی خۆی،






چوون ئیرادەی مرۆڤ بەستراوە بە بیرکردنەوەو ئەفکاری ڕۆژانەیەوە. ئایا مرۆڤ چۆن دەتوانێ لەناو ئەڤینچاریدا ڕێگەیەک بۆ خۆشەویستی بدۆزێتەوە؟ ئەی وەفاداریی (بەبەینەت) چ مانایەکی هەیە بۆ خۆشەویستی؟ ئەم پرسانەو گەلێک پرسیتر لەناو ڕۆمانی (مۆزەخانەی پاکیزەیی)دا دەخوێنینەوە. (ئۆرهان پامۆک ) توانیویەتی لەناو ئەم ڕۆمانەیدا کێشەکانی ( ئەڤینچاری و سێکس و خۆشەویستی و وەفاداری) بنووسێتەوەو خوێنەر پەلکێش بکات بۆ ناو کۆمەڵێ ڕووداو بەسەرهات کە ڕۆژانە لەناو ژیان و ئەڤینچاریدا بەریدەکەوین و ناتوانین خۆمانی لێ نەبان بکەین. لەحزەی لەزەت و لوتفی خۆشەویستی کارێک دەکات، کە خوێنەر لە کەوتن و گمبوونی (گوارە)یەکەوە چیرۆکی ئەشقێک دەخوێنێتەوە، کە سەراپا لێوانلێوە لە نییەت پاکی و بێگەردی. وەفاداری و خۆشەویستی دوو هێڵێ پارادایمی ناو ڕووداوەکانن. پامۆک زۆر ژیرانە وەک تنۆکی باران بەسەر گێڕانەوەکاندا هەنگاو دەنێت و خوێنەر دەبات بۆ ئەستەنبوڵی دێرین، بۆ ئەوە شارەی یادەوەرییەکانی پامۆکی تێدا حەشارداوە. مۆزەخانەی پاکیزەیی، ڕۆمانێکە خوێنەر فێر دەکات چۆن خۆشەویستی بکات و لەپێناویدا بژێت. تەنانەت وامان لێدەکات ژمارەی شیوی خواردن و سەرتاپای هەنگاوەکانی (کەمال) بۆ لای (فویسون) بۆ (چوکورجما) بژمێرێت و حسابی (ڕۆژ و مانگ و ساڵەکان)ی بژمێرێت لەپێناو بینینی فویسوندا. لەکاتی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا هەزاران پرسیار لەناو مێشکمدا دەهاتن و دەچوون. لەخۆم دەپرسی ئەم هەموو جوانییە چییە، کە پامۆک بە کارئەکتەرانی ناو ڕۆمانەکەی بەخشیەوە؟ خوێنەر چۆن دەتوانێ ڕووداوی ناو ڕۆمانەکە لەیاد بکات. من بۆ خۆم دەیان جار لەکاتی خوێندنەوەیدا گریاوم! بەدەم گریانەوە لاپەڕەکانی ناو ڕۆمانەکم هەڵداوەتەوەو لەتەک ڕووداوە تازەکاندا ژیاوم. ئەوەی گرنگە کە دەبێت ئاماژەی پێبدەم. بە تەنیا (ئۆرهان پامۆک) نییە، بەڵکو جوانی زمانە کوردییەکەی هاوڕێ ئازیزم ( بەکر شوانی) تووشی سەرسامی کردم! حەزم دەکرد لاپەڕەی ڕۆمانەکە زیاتر و زیاتر و بوایەو هەرگیز تووشی دووایین لاپەڕە نەبوومایە. ڕاستە پامۆک یەکێکە لە باشترین ڕۆماننووسەکانی تورک و خاوەی چەندین خەڵاتی ناودارە لە ڕۆژئاوا. بەڵام زمانەی شیرینەکەی بەکر شوانی چێژێکی تایبەتی بەخشیوە بە جوانی ڕۆمانەکە. بۆ نموونە: (لەبیرمە وەک ئەوەی ڕابکەم، بە ئومێدێکەوە کر لێدانی دڵمی زیاد کردبوو،چوومە شەقامی تەشویقییە. بیرکردنەوە لەوەی دوای تاوێکیتر دەیبینم، بە جۆرێک باڵی بەسەر ئەقڵمدا کێشابوو، بیرم نەدەکردەوە لە بینینیدا چی پێ بڵێم ل ١٩٨) هیوادارم هاوڕێیان ئەم ڕۆمانە جوانە بخوێننەوە.. لێرەشەوە دەست خۆشی و ماندونەبوونی لە هاوڕێی ئازیزم ( بەکر شوانی ) دەکەم بۆ ئەم بەرهەمە جوانە. بێمزەڕەت بێت!

## تاراوگە بڵاوکراوەیەکە:

دەنگ و ڕەنگی هەموو کوردانی تاراوگەیە، بەبێ جیاوازی ئینتمایی سیاسی و حیزبی، هەموو زانیاری و ئاگاداریەک و بابەت و هەواڵی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هونەری بڵاودەکاتەوە، لە ئێستادا بە شێوەی ئەلەکترۆنی بڵاودەبێتەوە، تاراوگە بەرپرسیار نییە لە ناوەڕۆکی نوسین و ئینتمای سیاسی نوسەری بابەتەکان، چاوەڕێی نوسینە بە پێزەکانتانین.

# نوێترین و وردترین زانیاری: شەوی 26-11 دەروبەری کاتژمێر 11 ی شەو بەکاتی کوردستان کەشتی InSight بە نەرمی لەسەر هەسارەی مەریخ نیشتەوە...



لوقمان حەویز– تێکساس

نوێترین و وردترین زانیاری لەسەر نیشتنەوەی کەشتیەکە و گەشتەکە بە گشتی، هەروەها چۆنیەتی تەماشاکردنی ڕووداوەکە بە ڕاستەوخۆیی... لە سەرەتای مانگی ئایاری ئەمساڵ ئاژانسی ناسا کەشتی InSight ی هەڵدا و بەڕێکرد بەرەو هەسارەی مەریخ، کە کەشتیەکی بچوکی بێ مرۆڤە، دوای گەشتکردنی بۆ شەش مانگ و نیو و هەروەها بڕینی پتر لە 484 ملیۆن کیلۆمەتر لە بۆشایی ئاسمان شەوی ٢٦–١١ ئینسایت بە نەرمی لەسەر ڕووی هەسارەکە دەنیشێتەوە...

ئامانجەکانی ناردنی ئەم کەشتیە بۆ هەسارە سوورەکە چیە؟

ئێستا InSight زۆر نزیک بۆتەوە لە هەسارەی مەریخ، ئەو شەوە چووە ناو بەرگە هەوای هەسارەکە، سەرەتا بەخێرایی نزیکەی 20 هەزار کیلۆمەتر لە کاتژمێریکدا، بۆ ئەوەی بەبێ هیچ کێشەیەک بنیشێتەوە پێویستە تەنیا دوای نزیکەی 7 خولەک خێراییەکەی ببێتە تەنیا 8 کیلۆمەتر لەکاتژمێرێکدا، دەبێت لەو ماوە کورتە ئەوەندە لەسەرخۆ بێتەوە بۆ ئەوەی بە نەرمی قاچەکانی گیر بکات لەسەر ڕووی هەسارەکە و بنیشێتەوە، ناسا ناوی لەم چەند خولەکە سەختە ناوە 7 خولەک لە تیرۆر، ئەویش لەبەر زۆری ئەگەری دروستبوونی کێشە لەم ماوە کورتەدا، ئەمە یەکەم نیشتنەوەی لەم جۆرەیە لەسەر ڕووی هەسارەی مەریخ، پێشتر نیشتنەوەی لەم جۆرە لەسەر مانگ ئەنجامدراوە بەڵام ئەنجامدانی ئەم کارە لەسەر مانگ زۆر ئاسانترە، بە بەراورد چونکە هێزی کێشکرنی مانگ دوو ئەوەندە و نیو کەمترە لە هێزی کێشکردنی مەریخ، ئەمەش لەبەر زۆری بارستایی مەریخە بە بەراورد بە بارستایی مانگ، لە ئێستادا ئاژانسی ناسا دوو کەشتی یان گالیسکەی گەڕۆکی تری هەیە، کە کاردەکەن لەسەر هەسارەکە و کاری پشکنین و وێنەگرتن لەسەر ڕووەکەی ئەنجامدەدەن، بەڵام کارەکانی ئەم کەشتیە تەواو جیاوازە، چونکە مەبەست و کاری سەرەکی بریتیە لە پشکنینی ناوەوەی هەسارەکە یان ناخی هەسارەی مەریخ... ئاژانسی ناسا ئەم کەشتیەی ناردووە، بەتایبەتی بۆ پێوانەکردنی داتا سایزمۆلۆجیەکانی هەسارەی مەریخ، واتە ئەو زانیاریانەی پەیوەندیان بە چالاکیە جیۆلۆجیەکانی ئەم هەسارەوە هەیە. کەشتی ئینسایت لە ڕێگەی سایزمۆمیتەرێکی زۆر هەستیارەوە هەڵدەستێت بە تۆمارکردنی هەموو جوڵەی بومەلەرزەکانی سەر هەسارەی مەریخ هەرچەندە بچوک بن یان بەهێز، بچوک بن یان بەهێز، هەروەها لە ڕێگەی تولێکی هەستیار و تیژیش، کە بۆ قوڵایی 15 پێ دەچێتە خوارەوە لەڕووی سەرەوە بۆ ناو ناخی هەسارەکە و ئەو گەرمیە پێوانە




دەکات، کە لە ناوک و کڕۆکی مەریخەوە دروست دەبێت و دەردەچێت، کەشتی ئینسایت هەڵدەستێت بە تۆمارکردنی بەرکەوتنی بەردە نەیزەکەکان بەو هەسارەیە هەرچەندە بچوک بن لەڕێگەی تۆمارکردنی شەپۆڵەکانی ئەو بەریککەوتنەکانە، هەروەها چالاکیە جیۆلۆجیەکانی تریش تۆماردەکات کە ڕوودەدەن لەسەر مەریخ کە بەهەسارەی سوور ناسراوە... لە ئێستادا سەر ڕووی مەریخ یەک پارچە بیابانی سارد و ووشکە و بەرگە هەوایەکی زۆر تەنکتری هەیە لە گۆی زەوی کە زۆریەی پێکهاتەکەی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنە، بەڵام بەپێی ئەو زانیاریانەی تا ئێستا کۆکراوەتەوە پێشتر گەمتربووە و ئاوی شل و ڕۆیشتووش لەسەر ڕووەکەی هەبووە... کەشتی ئینسایت بەگشتی زانیاری و چالاکی جیۆلۆجی زۆر وورد کۆدەکاتەوە لەسەر هەسارەی مەریخ کە لەوانەیە وەڵامی هەندێک لەو پرسیارانە بداتەوە سەبارەت بەهۆکاری ئەو گۆڕانکاریە گەورانەی بەسەر هەسارەکەدا هاتووە لە ڕابردوو تاوەکو ئێستا، بە گشتی زانیاری جیۆلۆجی بەنرخیشمان دەداتێ سەبارەت بە دروستبوونی هەسارە بەردینیەکانی تریش بەگشتی وەک مێرکوری و ڤینۆس، هەروەها لەم ڕێگەیەوە زیاتریش فێردەبین دەربارەی هەسارە بەردینیەکانی تری دەرەوەی کۆمەڵەی خۆری ئێمە کە بە دەوری ئەستێرەکانی تر دەسوڕێنەوە... ئینسایت دوو جیاوازی گەورەی تری هەیە بەبەراورد لەگەڵ هەموو کەشتیەکانی تر کە تا ئێستا بۆ هەسارەی مەریخ نێردراون، یەکەمیان ئەوەیە کە بە نەرمی دەنیشێتەوە، واتە نیشتنەوەی کۆتایی لەسەر ڕووی هەسارەکە بەهۆی ڕۆکێتەوە دەبێت نەوەکو باڵۆن، ئەمەش گەرەنتی زیاتر دەدات بە سەلامەتی ئامێرەکانی دوای نیشتنەوەی، جیاوازی دووەمیشی ئەوەیە کە بەرگەی گەردەلولە لماویەکانی سەر مەریخ دەگرێت و بەو هۆیەوە وەکو کەشتیەکانی پێشووتر لەکاتی ڕوودانی ئەو گەردەلولانە کارناکەوێت... نیشتنەوەی ئینسایت بەتەواوی پڕۆگرام کراوە و لەڕێگەی ئەو فەرمانانەی لە پڕۆگرامەکەوە بۆی دانراوە دەنیشێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەسارەی مەریخ لە ئێستادا نزیکەی 146 ملیۆن کیلۆمەتر لە ئێمەوە دوورە کە دەکاتە نزیکەی 380 ئەوەندەی دووری مانگ لە ئێمە، پێدانی هەر فەرمانێکیش نزیکەی هەشت خولەکی دەوێت تاوەکو دەگات بە ئەوێ و هەشتی دیکەش تاوەکو دەزانین چی ڕوودەدات، تیمی هونەری و ئەندازیاری ناسا دوێنێ ئێوارە بۆ دواجار هەندێک فەرمانی نوێیان لەڕێگەی ئەو پڕۆگرامەوە بە کەشتیەکە داوە و نیمچە دڵنیان لە سەرکەوتنی کارەکەیان، ئاژانسی ناسا تاکە دەزگایە لە جیهان کە خاوەنی تیمی نیشتنەوەی کەشتی ئاسمانی بێت بۆ سەر هەسارەی مەریخ، تەنیا ناسا توانیویەتی تاوەکو ئێستا کۆمەڵێک کەشتی بە سەرکەوتوویی بنیشێنێتەوە لەسەر ڕووی هەسارەکە... لەم لینکانەی سایتی ناسا دەتوانن ڕاستەوخۆ پەخشی ڕووداوەکە لە ئینتەرنێت لە دوای کاتژمێر 9:30 ی شەوەوە بە کاتی کوردستان بە زیندوویی ببینن:

https://mars.nasa.gov/insight/timeline/landing/watch-online

https://www.nasa.gov/…/nasa-brings-mars-landing-first-in-si…

ئاژانسی ناسا تەماشاکردنی بەکۆمەڵیشی ڕەخساندووە لەسەر شاشە گەورەکان بۆ هاووڵاتیان لەم شوێنانەی ئەمەریکا و جیهان:


https://mars.nasa.gov/ins…/timeline/landing/watch-in-person/

# تیشکێك بۆ سەر ڕەچەڵەکی قەرەج!

ئەنوەر ئەڵمان

قەرەج (کەرەج - کاراج!)*، وەک دەبینرێت و دەبیسترێت، لە هیچ وڵاتێکدا ژیانی ئارامیان نەبووە و نییە. لەتەک گەلێک گیروگرفتدا ڕووبەڕوون و دەبوغزێنرێن. لێ، ئەم بێزیزی و چەوسانەوەیە، ناچێتە چوارچێوەی هیچ یاسا و ڕێسایەکی سەردەمی نوێی مرۆڤایەتییەوە. پرکێشی نییە ئەگەر بگوترێت: هەتا نهاکەیش لە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیادا، ڕاسترەو و کۆنە و تازە نازییەکان، چلۆن دژی جوولەکە و بیانین، لەو ئەندازەیە زۆرتر دژی ئەو کەسانەکە بە (سینتی، ڕۆما و تسیگۆینە!) ناسراون. هیچ کۆمەڵێکیان پێیان خۆش نییە بە (تسیگۆینە) ناو ببرێن. چونکە ئەم وشە لێکدراوە ئەڵمانییە لە جووت و شەکانی (تسیە و گاونەر) پێهاتووە، کە بەواتای (ملوڕە خۆبەکێشکەرەکان) دێت. ئەوانەی جێیەکی سەقامگیریان نییە و هەردەم لەجێیەک بۆ جێیەکی دی خۆبەکێش دەکەن.





لێرەدا دەبێت ئەوەی ڕوون بکەینەوە: بە پێی لێکۆڵینەوە، ڕەچەڵەکی ئەم سێ گروپ یاخود کۆمەڵەیش، هەمان (قەرەج)ەکەی لەمەڕ خۆمانە! دێرۆکی ئەم ناوەیش دەگەڕێتەوە بۆ شاری (کاراچی - یاخود کاراجی) هندستان. لە جەنگی جیهانی دووەمدا، قەرەجیش وەک جوولەکە، کەوتنە بەر هێرشی دڕندانەی ئیمپراتۆری سێهەمی نازییەکان، بەسەرۆکایەتی هیتلەر. زیاد لە نیو میلیۆن لەو سێ گروپە ڕووبەڕووی مەرگ بوونەوە. هەنوکە بەڕێژەی 75 هەزار قەرەج لە ئەڵمانیادا دەژین. ئەوان هەمیشە لە هەوڵی قەرەبووکردنەوەدان، بۆ پیرەکان و نەوەی نوێیان. لە هەوڵی ئەوەیشدا بە کەمایەتی قبوڵ بکرێن و ببنە هاوڵاتی ئەڵمان. هەتا کۆتایی ساڵانی نەوەدیش لەو ڕۆمانیایەی کە ژمارەی قەرەج زۆرترن، گوزەرانیان لە هەموو لایەنەکانەوە خراپ بوو. لەلایەن ڕاسترەو و نازییەکانی ڕۆمانیاشەوە دەچەوسێنرانەوە و ئاگر بەردەدرایە ماڵیان. زمانی قەرەجەکان، (کە لە هەر وڵاتێکدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە!) ڕۆما و یانیش ڕۆمانیش نییە، وەک هەندێک کەس بەهەڵە وەها تێگەیشتوون. بەڵکو سەرچاوەی ئەم (ڕۆمانێس)ە،دەگەڕێتەوە بۆ (سانسکریت). بێشک ئەوەیش بگوترێت کە سانسکریت سەرچاوەی زمانەکانی هندو ئێرانییە: وەک کوردی، فارسی، هندی ئوردوو، بلوچ..وەک ئاماژەم پێدا، ئەوان لەهەر وڵاتێکدا بن، کارگەریی زمانی ئەو وڵاتەیان لەسەرە. قەرەج تەنیا زمانی ئاخافتنی هەیە! واتا، ئەگەر بنووسن ئەوا بە پیتزمانی ئەو وڵاتانە دەنووسن کە تێیدا دەژین. لێمغابن، تەنانەت زاراوەکانیشیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆیە لێکتێنەگەیشتنی گروپەکان لەیەکتر، زەقتر و دیارترە. بۆ نموونە: لێکتێگەیشتنی قەرەجی ئەورووپای ڕۆژهەڵات لەتەک ڕۆژئاوادا، هێندە سانا نییە. تەنیا ئەوانە باشتر لەیەکتر تێدەگەن کە مەودای ئەردنیگاریان نێزیکە. خراپ نابێت لێرەدا، هەمان کێشەی باش لەیەک تێنەگەیشتن و نەبوونی یەک زمانی یەکگرتووی کوردیش، بۆ هەمان کێشەی دووریی مەودای ئەردنیگاریی هۆزە کوردەکان لەیەکتر و تێکەڵنەبوون، بەتایبەت لەم هەزار ساڵ و یانیش چەند سەد ساڵی ڕابردووەدا بۆ هەمان هۆکار بگرینەوە.. وەک ئاماژەمان پێدا ڕەچەڵەکی قەرەج(چ) کە داتاشراوی (کاراجی - کاراج - کەرەج) و ( ک) گۆڕاوە بە ( ق) ، دەگێڕدرێتەوە بۆ هندستانی کۆن، بە پاکستان و ئەفگانستانی ئەمڕۆوە. ئەم نەقڵ، نەزیلە و یاخود گێڕانەوەیە، لە شانامەی فەردوسیدا هاتووە:



(..لە ڕابردوودا میللەتێک لە ئێراندا هەبوون، خواردن و خواردنەوەی زۆریان هەبوو، بەڵام هەردەم بیریان لە ماندوێتی ژیان دەکردەوە و نیگەران بوون. شا (بەهرامی گوور) شازادەیەکی دڵفراوان بوو. ئەو بیری لە خەڵکەکەی دەکردەوە، کە هیچیان بۆ سەفاو کەیفخۆشی نییە. بۆیە تکای لە ( مەهاراجای هیند) کرد، کە کۆمەڵێک خەڵکی بۆ بنێرێت، هەتا بە هونەرکارییەکانیان، نیگەرانی ئەو خەڵکە برەوێننەوە. ئیدی ئەوە بوو کە دووازدە هەزار یاریزانی ژن و پیاو ڕوویان لە ئێران کرد. شایش زەوی و خەلە و خەرمان و مانگای پێدان، هەتا پێی بەڕێوە بچن. بەڵام پاش ساڵێک ئەو خەڵکە، هیچیان بۆ خواردن نەما. ئەو بژێوەی کە پێیان درابوو لە ساڵەکەدا خواردیان و کێڵگەکانیشیان خستە پشتگوێ و گرنگیان پێنەدان. ئیدی شا بەهرام بەو کارە زۆر تووڕە بوو، بۆیە فەرمانی دا کە بڕۆن. بە کەرو بارەکانیانەوە بە وڵاتاندا بگەڕێن و بە گۆرانی وتن بژین. ئیدی لەو ساتەوە ئەم کۆمەڵە خەڵکە بارگە و بنەیان پێچراوەیە. دەگەڕێن و کۆچەرن و بۆ کەسێک دەگەڕێن کاری بۆ بکەن..)(1)

گەرچی بە پێی ئەم زانیارییە،یەکەم مەنزڵگەی قەرەجەکان ئێران بێت، بەڵام ناکرێت سەد لە سەد باوەڕ بەوەها گێڕانەوەیک بکرێت و ئەو خەڵکە بەر نەفرەتی پاشایەکی فارس کەوتبێتن! دەبێت هەمیشە بە چاوی گومانەوە لە تۆمارەکانی مێژوو بڕوانرێت. بەهۆشیارییەوە شیکاری و لێکۆڵینەوە لە هەمبەر گێڕانەوەکان بکرێت.

بەپێی لێکۆڵینەوەکان، نیشتمانی قەرەجەکان، کۆمەڵەی (سینت)، (سینت)ە. ئەو دەڤەر و ڕووباری (سینت) ەی دەکەوێتە پاکستانی ئێستاوە. هێڵی کۆچوڕەوکەشیان بەمجۆرە بووە: پاش 750 ی زایینی ڕەوی ئەو کۆمەڵەیە لە هیندستانەوە بەرەو ئێران. لەوێشەوە بە دوو لک جوێ بوونەتەوە. لکێکیان بەرەو باکووری ئەفریقا و ئینجا ئیسپانیا و پۆرتوگال. ئەم ڕەوەیش لە 1447 دا کۆتایی پێهاتووە. بێشک هەر قۆناغێک و بەچەندین سەدە! لکی دووەمیش: بەرەو باکوری کوردستان، کە لە 1855 دا کۆتایی پێهاتووە.

بڕوانە ل 5

## پاشماوەی: تیشکێک بۆ سەر ڕەچەڵەکی قەرەج!

ئینجا لە باکوری کوردستانیشەوە دوو لکی لێ جوێ بۆتەوە. لکێکیان بەرەو یۆنان، کە ئەم کۆچەیش تا ساڵی 1322 ی خایاندووە. لکەکەی دیش، بەرەو وڵاتی زێربیا و وڵاتانی بەلکان، کە هەتا ساڵی 1348 ی خایاندووە. لەوێشەوە و هەتا ساڵی 1422 بەرە و ئیتالیا و فەرەنسا. ساڵی 1407 گەیشتوونەتە ئەڵمان و ساڵی 1440 یش گەیشتوونەتە بەریتانیا. ساڵی 1509 گەیشتوونەتە پۆلۆنیا. لە ئەڵمانیاشەوە ـ لە 1407 ـ ەوە، کۆچیان بەرەو وڵاتانی سکاندیناڤیا کردووە.، کە هەتا ساڵی 1517 ی خایاندووە. ساڵی 1416 یش گەیشتوونەتە وڵاتی ڕۆمانیا.(2). کۆچوڕەوێکی درێژ و دێرۆکی. لە مەنزڵێکەوە بۆ یەکێکی دی چەندین سەدەی خایاندووە.گۆڕی مردویان لە دوای خۆیان جێهێشتووە و منداڵیان لە وڵاتان و ناو گەل و زمانی جیاواز جیاوازدا لە دایک بوون! وایش بەراورد دەکرێت کە ڕێژەی قەرەجەکان لەو وڵاتانەدا زیاد لە 7 ملیۆن بێت.

1/ وڵاتی ڕۆمانیا 2 ملیۆن
2/ چیک و سلۆڤاکای ـ کە بەری ساڵانی نەوەدەکان یەک وڵات بوون ـ 800،000
3/ بولگاریا 800،000
4/ یۆگۆسلاڤیا ـ کە بەری ساڵانی نەوەدەکان یەک وڵات بوون ـ 800،000
5/ هەنگاریا 600،000
6/ ترکیا 500،000
7/ ئیسپانیا 500،000
8/ وڵاتانی سۆڤیەت ـ ئیشوو! ـ 260،000
9/ فەرەنسا 250،000
10/ پۆرتوگال 92،000
11/ یۆنان 90،000
12/ ئیتالیا 80،000
13/ ئەلمانیا 75000
14/ ئەلبانیا 62000
15/ پۆلۆنیا 50،000
16/ بەریتانیا 50،000
17/ هۆلاند، بەلجیکا و لوکسمبورگ 30،000
18/ وڵاتانی سکاندیناڤیا 26،500
19/ نەمسا(ئۆتریش) 70،000
20/ ئیرلاند 15،000
21/ سویسرا 5000

بێشک ڕێژەی قەرەجەکانی کوردستان، عێراق، وڵاتانی تری عارەبی! ـئێران، پاکستان، ئەڤگانستان، هیندستان و وڵاتانی تر، هەژمار نەکراون.

ژێــردەر:


(1) گۆڤاری شتێرن( ئەستێرە) ی ئەڵمانی. ژمارە 47، 12 ی نۆڤێمبەری 1992

(2) هەمان سەرچاوەی سەرەوە.

(3) بەشێکی تری زانیارییەکان، لە نێوەندی( ڕۆما و سینت) ی شاری دوسلدۆرف وەرگیراوە.


*سەرنجێک: سەرنجی وشەی قبوڵی برنج بدەن لە زمانی کوردیدا. وشەکە (کابولی) یە. واتا ئەو شێوە برنجەی کە خەڵکی دانیشتووی شاری کابولی پایەتەختی ئەڤگانستان لێیان ناوە و لێیدەنێن!. تەنیا (ک) بۆتە (ق) ! یان وشەی قەمەرە، کە (کامەر) ی ئیسپانییە! کۆتایی نموونەیش: ترومبێل! کە ڕاستیەکەی ( ئۆتۆمۆبیل) ە. میللەتانی تریش ئەم وشەیەیان کەرت کردووە. ئەڵمان دەڵێن( ئەوتۆ) سویدیەکانیش ( بیل). بێجگە لە تێکەڵاوی زمانەکانی کە بنەچەیان سانسکریتە، بە سەدان و هەزاران وشەی کوردی هەن کە وێکچوونیان لەتەک زمانەکانی سلاڤی، یۆنانی و لاتینیدا هەیە ـ ئەمە بابەتێکی دییە.

## لە ئەدەبی ڕووسیدا هیچ کەس وەک میخائیل بۆلگاکۆڤ داماو و نەگبەت نەبووە...!



سەلاح حەسەن پاڵەوان

لە ئەدەبی ڕووسیدا هیچ کەس وەک میخائیل بۆلگاکۆڤ داماو و نەگبەت نەبووە، ڕۆمانێک دەنووسێ بە ناوی "دڵی سەگێ" ماوەی شەست ساڵ لە ترسی دەسەڵاتی ئەوکاتەی یەکێتی سۆڤیەت ناوێرێ بڵاوی بکاتەوە، دواجار ساڵی 1987 بڵاوی دەکاتەوە، کەچی هەر هەمان ئەو نووسەرە، هەروەک چۆن لە ڕۆماننووسیندا نەگبەت دەبێ لە شانۆشدا هەر بەوجۆرە، کاتێ شانۆنامەی "ڕۆژەکانی خانەوادەی تۆربین" دەنووسێ و لەسەر تەختەکانی شانۆ پیشان دەدرێ، خودی ستالین پانزە جار سەردانی ئەو شانۆگەرییە دەکات، کەچی لە پای ئەوەی تۆزێ برینەکانی سارێژ بێت زیاتر بەدەست هەژاری و نەگبەتییەکانی دەتلێتەوە، بۆلگاکۆڤ کاتێ کە شاکاری "مامۆستاکە و مارگریتا" دەنووسێ، شەپۆلێکی گەورە لە فەنتازیا دێنێتە نێو کاری ڕۆماننووسینەوە، بۆ یەکەمین جار خەون و فەنتازیا و واقیعی سیحری لەوێوە سەریهەڵدا. خۆ لە "دڵی سەگێ"کیش هیچ ناڵێ تەنیا ئەوە نەبێت کاتێ مرۆڤ لە جەستەی مرۆڤدا بژی، بەڵام دڵی سەگی تێدا بروێ حەتمەن ئاکارو خووەکانی سەگ هەڵدەگرێ، لەوێدا ڕەخنەیەکی تووند ئاراستەی سیستەمی تۆلیتاری دەکات. هەموو خەونی ئەوە دەبێت وڵات بەجێبهێڵێت و لە شوێنێکی تری دنیا بژی کەچی کاتێ ئەو فرسەتەی بۆ دەخوڵقێت، پاشگەز دەبێتەوە، بە ستالین دەڵێ : ئایا نووسەری ڕووسی دەتوانێت لە دەرەوەی نیشتمانەکەی بژی؟ پێموایە ناتوانێ.



# "ئێمەش لە سەگەکان دەترساین.... نوسینی: دکتۆر ساماڵ مانیی - لەندەن






لە مەفرەزەیەکی گەورە و زۆر ئازا، تەنها من لە ڕەگەزی مێینە بووم لە ناویاندا. ئەو شەوە دەبوایە لە ناوچەیەکی نزیک بە ڕەبایەکانی بەعسی عێراقی دا تێپەڕبووینایە. بە ڕیز یەک بە دوای یەکدا ئارام ئارام دەڕۆیشتین، ئاگامان لە ژێر پێمان بوو، نەکا بەردێک خل بکەینەوە و دەنگی بگات و ئاشکرا بین، نەماندەویست کەس پێمان بزانێت، حەیف بوو پێش گەیشتن بە شوینی مەبەست توشی شەڕ ببین. لەو شەوە تاریک و بێدەنگانەدا؛ گوێمان لە هەناسەی خۆمان بوو، دڵمان لە ژێر پێماندا بوو، ژیانمان لەناو لەپی دەستماندا. لە پڕێکدا ؛ ئەو بە گوێی ئەمیدا چرپاند و ئەم بە گوێی ئەوەی پێش خۆی و ئەویتر بە چرپە گەیاندی بەمیتر و ئەویش بە من و منیش حەپەسام بەڵام گەیاندم بە وەی لە پێش منەوە دەڕۆیشت تا بیگەینێ بەوانەی پێش خۆی. چرپەکە، بڕیارێک بوو؛ بڕیارەکە وابوو ڕێگەکە بگۆڕین گەرچی نیو سەعاتێک دوای دەخستین، لەبری ئەوەی بەو دێیەی پێشمانەوە تێپەڕین، ڕێگەیکیتر دەگرینە بەر.


بە چرپە ووتم: " بۆ؟ نیوسەعات ڕێگەکەمان دورکەوێتەوە زۆرە؟ " ئەو پێشمەرگە پیاوەی لە دوای منەوە دەڕۆیشت بە منی ووت: "کاکە، ئاخر لەوەپێش بە قەراغ ئەم دێیەدا تێپەڕیووین، سەگی هاریان زۆرە. ئەو پێشمەرگە پیاوەی لە پێشمەوە دەڕۆیشت ئاوڕێ دایەوە وپێی ووتم:" ڕاست دەکات، عەیب نیە، من بەش بە حاڵی خۆم لەسەگ دەترسم، سەگی ئەم ناوە زەبەلاح و هارن، هەر یەکەی بەقەد گوێرەکەیەک ئەبن، بڕوات بێت بۆمان بێن هەر لێمان نابنەوە."

من پێکەنیم و دوای منیش پێکەنینێکی بێ دەنگ پرژا لە نێوانماندا. بەڵام لە دڵەوە کردمان بە بڕیاری هەموومان: بەلای "سەگ" دا تێنەپەڕین.

ئەمە بەشێکە لە بیرەوەریەکانی هاوڕێ ڕابی، دواتر لە کتێبێکدا بڵاودەکرێتەوە.

٢٤–١١–٢٠١٨

# ئەزموونەکەی رزگاری دەکات




سویدییەک رووبەڕووی پەلاماری ورچێک دەبێتەوە–بەڵام ئەو دەزانێت چۆن ژیانی خۆی دەربازبکات.

ئەرێ بەڕاست پیاو چی بکات باشە کاتێک لەدارستانێکدا لووتی بەلووتی ورچێکدا دەتەقێت؟ وەک کاردانەوەیەکی ئاسایی،ئەوەیە کە رابکات،کەچی ئەمە سیگناڵێک دەداتە ئاژەڵەکە کە لێی دەترسێت،بەڵام راوچییەکی ئەزموونداری چاک دەزانێت، لەرووبەڕووبەوەیەکی ئاوادا چۆن ژیانی خۆی قورتار بکات. ئای ئەزموون کۆکردنەوەو وانەوەرگرتن چەند باش و پێویست وگرنگە،بەتایبەت بۆ بەرپرسان،تا خۆیان و گەلەکەیان لە ورچان بپارێزن وگورگان خواردوویان نەکەن!!! بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.focus.de/panorama/videos/seine-erfahrung-rettete-ihn-schwede-wird-von-baer-angegriffen-doch-weiss-wie-er-sein-leben-retten-kann_id_4718358.html?fbc=fb-shares&fbclid=IwAR0dCRkI0ZkAPyCrWjhg1wUp2Wt5byI77ck-W6xH9fvh0b-slHzJu1DWmPk

سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کەژیان وەک خۆی دەبینێت




لە ئەکاونتی هاوکارمان: موزەفەر عەزیز–ەوە ئەڵمانیا

# چەند هەواڵێکی ئەدەبی و هونەری لە تاراوگە

## لە کۆڕێکی یانەی کوردیی "میدیـــا"دا لە لاهای هەردوو نوسەری "ئێمە پێشمەرگەین لە باوکەوە بۆ کوڕ" تیشکیان خستەسەر ناوەڕۆکی کتێبەکەیان






ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 25-11-2018 کات 14:00 بە ئامادەبوونی دەستەبژێرێک لە نوسەران و ڕۆشنبیرانی کورد، لە شاری لاهای پایەختی سیاسی هۆڵەندا، هەردوو نوسەری کتێبی "ئێمە پێشمەرگەین لە باوکەوە بۆ کوڕ" کە بە زمانی فەڕەنسی و هۆڵەندی لە ماوەی پێشوودا بڵاوبۆتەوە، بەڕێزان سیروان مارف و بارام مارف مەڕۆ، کە لە بەلچیکاوە بە تایبەت بانگێشت کرابوون بۆ هۆڵەندا، تیشکیان خستەسەر چۆنێتی نوسینی کتێبەکەیان و ئیمزای چاپە هۆڵەندیەکەیان بۆ ئامادەبووان کرد. ش

ایانی باسە ناوەڕۆکی کتێبەکە چیرۆکی گەنجێکی بەلچیکی دەگێڕێتەوە، کە بەدوای ناسنامەی خۆیدا وێڵە و لە ساڵی 2014 دا لە شاری کەرکوک، کە زێدی لەدایک بوونی باوکێتی دەگیرسێتەوە، ئەو ساڵەی کە داعش بەشێکی زۆری لە عێراق بە ڕومادی و تکریت و موسڵی داگیرکردبوو، خۆشبەختانە پێشمەرگە توانی لە ئاست کەرکوک شارەکەی زێدی باوکی نوسەردا بیانوەستێنێ، ئەو باوکەی ساڵانێک لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی پێشوودا، ژیانی گەنجێتیی خۆی بە پێشمەرگایەتی دژی دیکتاتۆریێتی ڕژێمی بەعس و سەدام حسێن جەنگاوە، بارامیش، کە نازناوی نهێنی پێشمەرگایەتی باوکی بووە، بەدوای ناسنامەی خۆیی و ئەو شوێنەوارە لەمێژینەی باوکیدا گەڕاوە و جارێکی دیکە ساڵی 2015 دەچێتەوە لەگەڵ پێشمەرگە و سوپای عێراقدا ئەمیش وەک ساڵانی پێشمەرگایەتی باوکی دەبێت بە پێشمەرگە..نوسینی یەکەم کتێبی لێ بەرهەم دێت، کە وەک یەکەم کتێبی بارام مەڕۆ لە ڕۆژنامەکانی بەلچیکادا گرنگی زۆری پێدراوە.

لەم کۆڕەکەدا گفتوگۆ لە گەلێک تەوەر دەربارەی ناوەڕۆکی ئەم کتێبەکەی دیکەی خۆیی و باوکی کرا و ئامادەبووانیش بە پرسیارو سەرنجەکانیان کۆڕەکەیان زیاتر دەوڵەمەند تر کرد.

لە کۆتایی کۆڕەدا، پاش ئیمزاکردنی کتێبەکە و گفتوگۆیەکی گەرموگوڕی ئامادەبووان دەربارەی ناوەڕۆکی کتێبەکە، کاک سیروان مارف کۆمەڵێک لە هۆنراوەکانی خۆی بۆ پشتگیری لە ژنان خوێندەوە، بەهۆی 25-11 ڕۆژی دژی بە توندوتیژی ژنان ، پاشان دیاری تایبەتی یانەی کوردی "میدیـــا"، لە لایەن کاک (هیوا سەرهەنگ)ەوە پێشکەش بە کاک بارام مارف مەڕۆ کرا و لە لایەن ئامادەبوانیشەوە بە چەپکە گوڵەوە نوسەرانی کتێبی "ئێمە پێشمەرگەین لە باوکەوە بۆ کوڕ" بە شکۆیەکی زۆرەوە بەڕێکران.

## گرووپی کۆنسێپت ئات و چەند هونەرمەندێك لە پێشانگای (8 ڕاوم)دا

گرووپی کۆنسێپت ئات و چەند هونەرمەندێک لە پێشانگای (8 ڕاوم)دا

لەگەڵ نوسینێک تایبەت بە نمایشەکە :-

لە نوسینی (گارا).


ڕێکخەرەی پرۆژەکە:- ئاڤان سدیق،

ناساندنی پێشانگاکە:- سامی موئمین،

هونەرمەندان:- ئاڤان سدیق، شەمێران فەتاح گەیلان عەبدوڵڵا، هەڵۆ لانۆ، محەمەد ئیسماعیل ئەیوب ڕووف، زانا ڕەسوڵ، زامۆئا داراغا

کاری :- محەمەد ئیسماعیل








## هەر جارەی هونەرمەندێکی کورد



### عومەر ڕەسوڵ

هونەرمەندی شێوەکار، عومەر ڕەسوڵ لە ساڵی 1957 لە گەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی لەدایک بووە، یەکەم بەشداری هونەری ساڵی 1975 بوو، کە لە قوتابخانەی گۆیژەی سەرەتایی کوڕان کرایەوە، بۆ ١٠ قوتابی بە توانا لە کۆی هەموو قوتابییەکانی سلێمانی، ئەم یەکێک بوو لەوان، لەو کاتەوە تا ئێستا بەبەردەوامی بەشداری پێشەنگای تایبەتی و هاوبەشی لە کوردستان و دەرەوە کردووە. لە ساڵی ١٩٨٧ ەوە ژیانی هاوسەری لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار خاتوو پەیمان عبدولقادر پێکەوەناوە، خاوەنی ٣ جگەرگۆشەن، بەناوەکانی: ڕۆژ، پروشە و پاتۆ.


چەندی نوسینییشی دەربارەی هونەری نیگارکێشان بڵاوکردۆتەوە، وەکو: هونەری نیگارکێشانی منداڵ و پەروەردەکردنی ساڵی ١٩٨٤.


سایکۆلۆژیای نیگاری منداڵ ساڵی ١٩٨٥ و هونەر و چارەسەرکردنی دەروونی ساڵی ١٩٨٦، زیرەکی منداڵ و پەیوەندی بە هونەری وێنەکێشانەوە، ئەفسانەی ڕەنگدانەوەی لە هونەری نیگارکێشانی منداڵ ساڵی ١٩٨٧ چەندین بەرهەمی دیکەش.


بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/omar.rasul.35

هونەرمەند عومەر ڕەسوڵ، لە هۆڵەندا، توانیوێتی لە پاڵ کاری شێوەکاریدا، پسپۆڕی لە بواری ئۆتیزمدا وەربگرێت، تا ئێستا چەندین موحازەرەی پێسکەش کردووە.








# تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807